# گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە کۆنگرەی چوارەمی حزب

ئا: جبار محسن
لە دەزگای ڕاگەیاندنی هاوپشتی
19-04-2008

***ئیمە دەلیین کۆتاییهینان بەم سیناریۆ رەشەو لە هەمان کاتدا نەخشاندنی ئایندەیەکی شادو ئازادەو بەختەوەر، لە گرەوی سەرکەوتن و پیادەکردنی بەرنامەی ئەم حیزبەدایە، سەرکەوتنی ئەم حیزبەش لە گرەوی بەهیزبوون و مەحکەم بوون و گۆرانیتی بۆ حیزبیکی سیاسی جەماوەری بەهیز***

- هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد سەرەتا پێم خۆشە وەسفێکی کۆنگرەی چوارەمم بۆ بکەیت، بەڕێزت ڕادەی سەرکەوتوویی کۆنگرە چۆن و لە چیدا دەبینی؟

ریبوار ئەحمەد: کۆنگرە خۆی بەشیکە لە ژیانی رۆتینی حیزبی. ئەمە شاملی هەموو کۆنگرەیەك دەبیت مەگەر کۆنگرەی فوق العادە و زۆر تایبەت بیت بە یەك مەسەلە. هەموو حیزبیك پیویستی بەوە هەیە بە پێی قانونیك کە بۆ خۆی داناوە، چەند سال جاریك نوینەری ریکخراوەکانی حیزب لە جیگایەك کۆبنەوە، لانی کەم بۆ ئەوەی راپۆرتی کاری حیزبیان ببیستن و هەلسەنگینن. خاڵی لاوازی دەستنیشان بکەن و ریگا چارەی بۆ دابنین و خاڵی بەهیزیشی بەهیزتر بکەن. سیاسەتەکانی هەلسەنگینن و ئەگەر پیویست بوو ئالوگۆر یان بۆی زیاد بکەن. ئەگەر پیویست بکات بەلگەنامەکانی بگۆرن یان دەسکاری بکەن. سەرئەنجامیش رابەری تازەی حیزب هەلبژیرنەوە. ئەم کۆنگرەیەی ئیمەش بە دلنیاییەوە بەشیکی ئەمە بوو. لەم رووەوە کارەکانی خۆی بە باشی و سەرکەوتوانە ئەنجامدا.

لایەنیکی تری هەر کۆنگرەیەك ئەوەیە کە مۆری دەورانی خۆی پیوەیە. چ لە پەیوەند بە ژیان و وەزعیەتی حیزبەوەو چ لە پەیوەندی بە وەزعی کۆمەلگاوە. بۆ ئەم کۆنگرەیەی ئیمەش هەروابوو. حیزبی ئیمە دوای چەند سالیك لە کارو هەلسورانی سیاسی و عەمەلی و دامەزراندنی چەندین پرۆژەی سیاسی و جەماوەی و کاری راستەوخۆی حیزبی و کۆمۆنیستی، بەو ئەنجامە گەیشت کە وەسیلە حیزبیەکەمان بە ئەندازەی پیویست ئامادەو کارسازو گونجاو نیە بۆ راپەراندن و بردنە پیشی سیاسەت ونەخشەو پرۆژەکانمان. بەو ئەنجامە گەیشتین کە بەبێ بەدەستەوەبوونی جیهازیکی حیزبی کۆمۆنیستی منزەبت و مەحکەم و دامەزراو یەککرتوو، لە هەموو ئاستەکانیدا، بەبی چەسپاندنی نەریت و میکانیزم و رەوشتەکانی حیزبی سیاسی، ئیمکانی ئەوە نیە حیزبی سیاسی بە مانای واقعی و حکمەتیستی ووشەکە بینا بکریت. تەنانەت توانای ئەوەی نابیت لەوەزیاتر گەورەبیتەوەو لە حیزبیکی گرنگەوە پەرەبسەنی بۆ حیزبیکی ئالوگۆربەخش. بۆیە کۆنگرە زۆر بە توندی جەختی لەسەر ئەمە کردو دەتوانم بلیم لەلایەنی جۆراوجۆرەوە ئەمەی دایە بەر لیکدانەوەو قسەی لەسەر کردو بەلگەنامەی بۆی پەسەند کرد.

بەلام لە هەمان کاتدا کۆنگرە بەرامبەر کۆمەلگاو وەزعی سیاسی و رەوەندەکانی، دەستەوەستان و بێدەربەست نەبوو. لە بریارنامەیەکدا تەواوی ئەمانەی لیکداوەتەوە، سیاسەت و ریگای دەرچونی دیاریکردوە. دیسانیش هەر لەم پەیوەندەدا ئەو هەنگاوانەی دیاریکردوە کە بۆ ئەوەی حیزب ببیتە هیزیکی کاریگەر لە نیو ئەو ئەوزاعەدا دەبی چ ئالوگۆریك لە خۆیدا پیکبهینیت. ئەم کارەی راستەوخۆ لە پەیوەند بە ئەوزاعی کۆمەلگاوە کردوە.

من سەرکەوتوی کۆنگرە بەوە هەلدەسەنگینیم کە توانی ئەو کارانەی بۆ خۆی دانابوو سەرکەوتوانە تەواو بکات.

• مەبەستت لە حزبی حکمەتیستی چییە؟ چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ تێڕوانینێکی باو کە تائێستا هەیە لەسەر حزب؟ تۆ باس لە گەورە بوون دەکەیت کەچی ژمارەی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندیتان کەم کردۆتەوە!

ریبوار ئەحمەد: حیکمتیزم رەوت ورەگەیەکی تایبەتی نیو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و مارکسیستی هاوچەرخە. لە زۆر رووەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو رەوتانەی بە ناوی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە کار دەکەن. حکمتیزم جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کۆمۆنیزم بزووتنەوەی نارەزایەتی چینی کریکارە دژی سەرمایەداری. بزووتنەوەیەکە بۆ نەفی کردنەوەی وەزعی موجود. دەخالەتگەری و ئالوگۆر پیکهینان لە تایبەتمەندیە بەرجەستەکانی حکمەتیزمە. حکمتیزم پیویستی بە حیزبیك هەیە کە لە جەرگەی کیشمەکیشی سیاسی لەسەر چارەنوسی کۆمەلگا، ئالای سەربەخۆی کریکاری بەرزکاتەوەو ریزی سەربەخۆی چیانیەتی کریکار لە مەیدان راگریت. حیزبی حکمەتیستی یانی حیزبیکی کریکاری مارکسیستی سیاسیو دەخالەتگەرو منزەبت و جەماوەری بەهیزو دەسەلاتخواز کە بتوانی هۆکاری ئالوگۆرو بەدەسەلات گەیاندنی چینی کریکار بیت. بە پیچەوانەی ئەحزابی چەپی تەقلیدی کە لە حاشیەی کۆمەلگاکاندا دریژە بە ژیانیك دەدەن کە بوون و نەبونیان بۆ کۆمەلگا فەرق ناکات.

بەلام دەربارەی کەم کردنەوەی کۆمیتەی ناوەندی، گەورەبوونی حیزب بە ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پیوانە ناکریت. دەورەی پیشوی دوای کۆنگرەی سییەم، فراوانی و گەورەیی کۆمیتەی ناوەندی کیشەی زۆری بۆ دروستکردین. بە تایبەتی لەو وەزعە تیکئالۆزکاو نا ئەمنەی عیراقدا، لە هەموو روویەکەوە کۆبونەوەو میکانیزمی کاری رابەری زۆر سەخت بوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە کۆمیتەی ناوەندی بەشیکی لە دەرەوەی وولات و بەشیکی لە داخلی عیراقە، ئیتر نەك دەخالەتی کارسازی کۆمیتەی ناوەندی، بەلکو گرتنی پلنیۆمەکانیش ببو بە کیشەیەکی گەورە بۆمان. کۆنگرەی چوار لەبەر ئەو وەزعیەتەو بە لەبەرچاوگرتنی تەجروبەی دەوری پیشوو، هەم بریاریدا کۆمیتەی ناوەندی بەرتەسك بکاتەوە، هەم بریاریکی پەسەند کرد سەبارەت بە ئیلتزاماتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بە مەبەستی تەئمین کردنی تەمەرکوزو دەخالەتگەری کۆمیتەی ناوەندی.

• بڕیارو تەسمیم گیریەکانی کۆنگرە زیاتر ئەوە دەگرێتەوە کە ئەم حزبە بەهێز، مونەزەم و بە دیسپلین بکرێت. بڕیارەکان ئارایشتی تەشکیلاتی لە ڕابەریەوە بۆ شانە حزبیەکان دەگرێتەوە. بەدەر لەمەش بڕیارێک لەسەر وەزعی سیاسی عێراق دەرچووە، کە لێرەشدا زیاتر فۆکوسەکە خراوەتە سەر حزب. پرسیارەکە لێرەدایە بۆ کرێکارێک، کەسێکی ئازادیخواز کە لە کۆنگرەی چوارەوە ئەم حزبە بناسێ و لێرەوە بڕوانێتە حزب، چۆن دەتوانێ پەیوەندی گۆڕانکاری لە ئەوزاعی سیاسی عێراقدا بە گۆڕانکاری لەم حزبەدا بدۆزێتەوە؟ هەندێک دەڵێن موبالەغەیەک یان ناواقعیەتێک لەم مەسەلەیەدا هەیە، چۆن دەکرێت کۆتایی هێنان بە شەڕو کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی عێراق لە گرەوی پتەوکردنی ئەم حزبەدا بێت کە باسم کردن و خۆشتان لە بڕیارەکانتاندا باستان کردووە، تۆ ڕات چییە لەسەر ئەمە؟ ئایا دەتوانین بڵێین کە ئەم حزبە ئەوەندە بەهێزو پڕ چەک و دەست پڕە کە هەر لەو شتانەی کەم بێت کە لە بڕیارەکاندا هاتوون و ئیتر ئەمە ئۆتۆماتیک دەبێتە مایەی گۆڕانکاری لە عێراقدا؟

ریبوار ئەحمەد: بیگۆمان بۆ هەر کەسیك کە تەنها لەم کۆنگرەیەوە یان هەر کۆنگرەیەکی ترەوە ئەم حیزبە بناسی، ناتوانی لیکدانەوەو تیروانینیکی هەمەلایەنەو تەواوی بۆی هەبیت. یان ئەم کۆنگرەیە بکاتە خالی دەستپیکردن بۆ ناسینی ئەم حیزبەو لەو ریگایەوە بروا میژوو و کارکردو سیاسەت و بەرنامەو مەوقعیەتی کۆمەلایەتی و...حیزب بناسی و تصویریکی کاملتری لی پەیدا بکات، یان تصویرەکەی کەم وکورت دەبیت. کۆنگرەش بۆ ئەوە نیە کە تصویریکی کامل بداتە دەست هەر کەسیکەوە کەتەنها لەو کۆنگرەیەوە حیزب بناسێ.

ئەو جۆرە دەربرینەش نارۆشن و نا تەواوە کە وەکوموبالەغە یان نا واقعیەت بەیانکراوە کە دەلی "کۆتایهینان بە شەروکوشتاری بە کۆمەلی خەلکی عیراق لە گرەوی پتەوکردنی ئەم حیزبەدایە" نازانم ئەم تەعبیرە هەر بەم جۆرە لە

کوێ وەرگیراوە. ئەوە ئاشکرایە لە زۆر جیگای تری دنیاشدا شەرو کوشتاری بە کۆمەل روویداوەو نمونەی ئەم حیزبەش وجودی نەبوەو شەرو کوشتارەکەش تەواو بووە. بەلام رەنگە چارەنوس و داهاتویەکی دیسان پر لە ستەم و چەوسانەوەو نەهامەتی بەرۆکی خەلکەکەی گرتبیت.

بەهەرحال ئیمە دەلین کۆتایهینان بەم سیناریۆ رەشەو لە هەمان کاتدا نەخشاندنی ئایندەیەکی شادو ئازاد و بەختەوەر، لە گرەوی سەرکەوتن و پیادەکردنی بەرنامەی ئەم حیزبەدایە، سەرکەوتنی ئەم حیزبەش لە گرەوی بەهیزبوون و مەحکەم بوون و گۆرانیتی بۆ حیزبیکی سیاسی جەماوەری بەهیز. بۆ ئەمە سەدو یەك دەلیل لەبەردەستدایە، میژووی ئەم حیزبە، خەباتی ئەم حیزبە، کیشمەکیشەکانی ئەم حیزبە، سیاسەت و پیشبینیەکانی ئەم حیزبە، بەرنامەی ئەم حیزبە....بەلگەی ئەمەن. هەرکەس نەیەوی سەرنجیکی ئەمانە بدات و تەنها لە کۆنگرەی چوار یان هەر کۆنگرەیەکی ترەوە چاو لەم حیزبە بکات و هەلیسەنگینی، بە دلنیاییەوە هەلسەنگاندنیکی بەرتەسك و نا دەقیق و کەم و کورتی دەبیت و ناشتوانی حەقانیەتی ئەو قسەیەی بۆ دەرکەویت.

بەلام لە بارەی ئەوەوە کە ئایا ئەم حیزبە ئەوەندە پرچەك و دەستپرو..و..هەر لەو شتانەی کەمە ...واتە بەهیزبون و مەحکەم بوون..و...؟ من بە راشکاویەوە دەلیم نەخیر. سەرباری ئەوەی ئەم حیزبە لە روی نفوزی ریکخراوەیی و کۆمەلایەتیەوە لەم چەند سالەی دواییدا پەرەسەندنی بە خۆیەوە دیووە، بەلام نەخیر بە هیچ جۆریك لەو روانەوە کە پرسیارتان کردوە دەستی پر نیە. گرێی کیشەکە لیرەدایە کە دەستپرکردنی حیزب لەو بوارانەدا خوی لە گرەوی ئەوەدایە حیزب توندو تۆل و مەحکەم و دامەزراوو منەزەم و ئامادەبیت، بۆ ئەوەی بتوانی دەستی خۆی پر بکات. ئەگینا بە پیچەوانەوە دەستی هەر خالی دەمینیتەوە. پیشتر باسم کرد بە بروای من ئەگەر حیزب خۆی پتەو و مونزەبت و ئامادە نەکات و سونەت و رەوشت و یاساکانی حیزبی سیاسی و کۆمۆنیستی نەچەسپینێ توانای گەورەبونی زیاترو خۆ پرچەککردنی نابیت.

- ئایا پێویست نەبوو سیاسەتی نوێ لە پەیوەند بە عێراقەوە تاووتوێ بکرێت لە کۆنگرەدا یان لانی کەم ئەگەر سیاسەتەکانی ئەم حزبە دروست بوون بۆچی هەنگاوەکانی دووەم دیاری نەکراون و قسەی زیاتر لە بارەی سیاسەتەکانی حزبەوە نەکراوە بۆ وەزعی سیاسی عێراق؟

ریبوار ئەحمەد: لە باسی بریارنامە دەربارەی وەزعی سیاسی عیراقدا، ئەمە کراوە. وەزعی تازەو رەوەندەکانی، جیگاو ریگاو سیاسەت ودەوری بزووتنەوەو هیزە سیاسەکانی سەر ساحەکەو هیزە ناوچەیی‌و جیهانیەکان لیکدراوەتەوە. سیاسەتی تازەش لە دریژەی هەمان خەتی سیاسی پیشوی حیزبدا دیاریکراوە.

کۆنگرە لەسەر سیاسەتەکانی تا ئیستای حیزب بە شیوەی جۆراوجۆر پیداگری کردەوە. ئەوەی وەزعی ئیستای عیراق چۆنە، گرفت وکیشە سەرەکیەکانی چین، لە چیەوە سەرچاوەیان گرتووە، ریگای دەربازبوون چیە، دەورو کاردی هیزەکانی تر چیە، دەوری حیزب دەبی چی بیت، سیاسەت و تاکتیکەکانی چی بن....هەموو ئەمانەی لەبەرچاوو جیگای تەئکیدی بوون و لە دووتوێی باسە جیاجیاکاندا بە جەختکردن لەسەریان قسە کراوە، هەلبەت پیویست نەبوو لەسەر هەموو ئەمانە دیسانەوە بەلگەنامە پەسەند بکریتەوە.

دەتوانم بلیم کۆنگرە هەرچەند رەنگە بە بەلگەو لیکدانەوەوەی جیاجیاووە، لەسەر ئەوە کۆك و هاورابوون، کە کیشەی ئیمەو گرەوی چونە پیشەوەمان بۆ بوون بە هیزیکی سیاسی ئالوگۆربەخش، لەوەدا نیە کە سیاسەتەکانمان و هەنگاوەنکانمان کەم وردکراونەتەوەو دەبی وردتریان بکەینەوە، یان قسەیەکی تازە لە بارەی وەزعی سیاسیەوە بکەین کە تا ئیستا نەکرابیت....بەلکو کیشەکە ئەوەیە کە سیاسەت و تاکتیکە دروستەکانمان لە مەیدانی واقعی کۆمەلگادا باش جیبەجێ نەکراون. هۆی ئەمەش دەگەریتەوە بۆ وەزعی سیاسی حیزب و رابەری و تشکیلات و شیوەی کارو ئەو نەریتە سیاسیانەی حیزب کاری پیدەکات. بۆیە دەبی لیرەوە چارەسەر بکریت. کۆنگرەش لەسەر ئەمە فوکوسی زۆری کردو هەولیدا وەلامی ئەم کیشەیە بداتەوە.

- لە بڕیاری وەزعی سیاسی عێراقدا یەکێک لە هەنگاوەکان پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە، ئێستا ئەم حزبە پێک هاتووە ئایا ئەمە بەمانای ئەوەیە کە ئیتر ئەم حزبە هیچ سیاسەت و

کارێکی نابێت سەبارەت بە کوردستان؟ حزب چۆن مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی کەرکوکدا دەکات، ئایا بەجێی دێڵێت بۆ حزبی کوردستان؟ ئەگەر نا کارو هەڵسوڕانی ئەم حزبە لە پەیوەند بە کەرکوکەوە چۆن دەبێت؟

**ریبوار ئەحمەد:** ***هیچ شتیك ناتوانی موبەرری ئەوە بیت کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق هیچ کاریکی بەسەر کوردستانەوە نەمینیٚ***. **هەروەکو ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری فەلەستین پیکبیت، نەك ناکاتە ئەوەی حیزبی ئیمە کاریکی بەسەر مەسەلەو کیشەی فەلەستینەوە نەمینیٚ بەلکو هۆکارو هاندەرو دەروازەیەکی فراوانتر دەکاتەوە بۆ دەخالەتی زیاتر. بە تایبەتی کوردستان گرفتاری کیشەیەکەو تا ئیستاش وەکو پارچەیەك لکینراوە بە عیراقەوە. رووداو و مەسەلەو کیشمەکیش و هیزەکانی سەر ساحەی کوردستان، کاریگەری زۆر و هەتا راستەوخۆیان لەسەر عیراق هەیە. بۆیە نەك هەر کارمان دەبیت و سیاسەتمان دەبیت لە بارەی ئەم کۆمەلگایەو کیشەو ریگاچارەکانیەوە، بەلکو بایەخیشی پیدەدەین.**

**بەلام بیگۆمان کەنالی سەرەکی دەخالەتی ئیمە لە کوردستان، لە ریگای هاوکاری و پشتیوانی و هاوسەنگەری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان و هەولدان بۆ بەهیزکردن و مەیداندار کردن و سەرخستنی ئەوە حیزبەوە دەبیت. ئەو حیزبە بە ئامرازی دەستی مارکسیزم و حیکمەتیزم دەزانین بۆ دەخالەتکردن لەو کۆمەلگایەدا. لە کاتی پیویستیشدا بە ئەرکی خۆمانی دەزانین هەر جۆریك پیویست بکات دەخالەتی راستەوخۆ تر بکەین و سیاسەت و تاکتیك و ئیقداماتی پیویست لە پەیوەند بە کۆمەلگاکەو کیشەکانیەوە بخەینە دەستورەوە.**

***لە بارەی کەرکوکەوە، وەکوکیشەیەکی هەلواسراو مەترسیدارو جیگای کیشمەکیشی هەموو هیزەکانی عیراق و تەنانەت ناوچەکەش، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق، بە بایەخەوە بۆی دەروانیت و بە ئەرکی خۆی دەزانی لە دریژەی هەمان سیاسەتەکانی تا ئیستایدا، دەخالەتی کارساز بکات بۆ چارەسەری ئەم کیشەیە و دوریخاتەوە لەوەی ببیتە مایەی کارەسات بۆ دانیشتوانی شارەکەو گشت عیراق. حیزبی ئیمە باوەری وایە کە هیچ ریگاچارەیەکی قەومی ناتوانی کیشەی ئەم شارە چارەسەر بکات بەلکو بەرەو کارەساتی دەبات. کیشەی ئەم شارە دەبی بەریگاچارەی سیاسی و لەسەر بناغەیەکی ئینسانی چارەسەر بکریت.***

**لە دەستوری خودی کۆنگرەی چوارەمدا بەندیك لەم بارەیەوە پیشنیار کرابوو کە لە ئاستیکی گشتیدا لەسەر ئەم بناغەیە ئامادەکرابوو. لە بلاوکراوەی بەرەوکۆنگرەشدا بە عەلەنی بلاوکراوەتەوە. کۆنگرە فریا نەکەوت بچیتە سەری بەلام لە دەستوری کاری حیزبدایە کە تەرحی خۆی لەو بارەیەوە وردتر و مەلموستر بکاتەوە. کەرکوك شاریك دەبیت کە مەیدانیکی راستەوخۆی هەلسورانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق دەبیت، کۆمیتەی حیزب و هەلسورانی حیزب هەر وەکو پیشوو بەردەوام دەبیت. لە ریکخراوی پیشوی حیزب لەو شارە، هەرکەس بە مەیلی خۆی دەتوانی لەگەل یەکیك لەم دوو حیزبە کاری دریژە بدات، هەر حیزبە کاری خۆی و کۆمیتە و ریکخستن و پرۆژەی خۆی دەبیت. پیکیشەوە هاوکاری یەکتر دەکەن و هاوئاهەنگیەکی پتەو لە ئاستی شاردا لە نیوان هەردوو حیزب دەبیت.**

- بەڵام تۆ چۆن کارو سیاسەتت دەبێت بۆ کوردستان کە هیچ ڕێکخستنێکت نەمابێت لە کوردستاندا؟

ڕێکخراوی کوردستانی حزب پەیوەست بوو بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە. ئەم حزبەش حزبێکی سەربەخۆیە، مەرج نییە سیاسەتەکانی حزبی عێراق لەلای ئەوانیش بڕیاری لەسەر بدرێت. پێویستە لێرەدا ڕاوەستانێک بکەین مەگەر پێویستی پێکهێنانی حزبی کوردستان لەبەر ئەوە نەبوو کە حزبی عێراق ناتوانێت حزبی دوو کۆمەڵگە بێت و بۆ دوو کۆمەڵگە سیاسەت دابڕێژێت!

**ریبوار ئەحمەد: ئەگەر چاویك لە ساحەی سیاسی عیراقی بکەین، دەبینین ئەحزابی ناسیونالیستی عەرەبی یان ئیسلامی، کە نە ریکخستنیکیان لە کوردستان هەیە و نە پەیوەست دەبنەوە بە کۆمەلگای کوردستان ومەسەلەکانیەوە، هەروەها ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، سەرجەم لە ئاستی سەراسەری عیراقدا، دەخالەتی سیاسی دەکەن لە مەسەلەو کیشەکاندا، هەلویست لە رووداوەکان دەگرن، بەدیل دەخەنەروو، ...**

**بەلام بۆ دوو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق و کوردستان، وەکو دوو ریکخراوی سیاسی، یەك بزووتنەوەو یەك سونەتی سیاسی و کۆمەلایەتی، ئەم کارە زۆر مەیسەرترە. لەم ئاستەدا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق، هەر دەخالەتیکی سیاسی لە کوردستان بکات، دەتوانی لە رووی ریکخراوەییەوە پشت بە حیزبی هاوپەیمان و هاوسەنگەری خۆی ببەستیت. راستە دوو حیزبی جیاواز لەیەکن، ئەوەش راستە کە مەرج نیە سیاسەت و تاکتیکەکانی حیزبی عیراق لەلایەن حیزبی کوردستانەوە بریاری لیبدریت. بەلام نەك وەکو مەرج، بەلکو ئەو بنەما بەهیزە هاوبەشەی کە ئیمەی وەکو دوو حیزبی یەك سونەتی سیاسی لیکردوە، هەروەها ئەو پەیوەندی و تیکەلاویەی لە نیوانمان هەیە، بنەمای زۆر بەهیزە بۆ ئەوەی لە رووی سیاسیەوە یەکدەستمان بکات.**

**تصور کردنی ئەوەی کە حیزبی عیراق لە مەسائیلی کوردستان و حیزبی کوردستان لە مەسائیلی عیراق، دەخالەت بکەن، زۆر سەخت نیە. سالەهایە لەگەل ئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق لە مەیداندابووە، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران و پاشان حیزبی حیکمەتیست، چالاکانە لە مەیدانی سیاسی عیراق و کوردستانی عیراق دەخالەتیان بووە. حیزبی عیراقیش لە کۆمەلگای ئیراندا دەخالەتی بووە. بە شیوەی سەرەکیش دەخالەتەکەیان هاوکاری و پشتیوانی یەکترو هەولدان بووە بو سەرخستنی سیاسەت و هەنگاوەکانی یەکتری. ئیمەش لیرە بەدوا کەنالی سەرەکی دەخالەتمان هاوکاریو پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان دەبیت. هەلبەت مەسەلەو مەیدانی هاوبەشی ئەم دوو حیزبە زۆر زیاترە لەوەی حیزبی عیراق و حیزبی حکمەتیست هەیانە.**

**لە بارەی ئەوەی کە دەلین** " پێویستە لێرەدا ڕاوەستانێک بکەین مەگەر پێویستی پێکهێنانی حزبی کوردستان لەبەر ئەوە نەبوو کە حزبی عێراق ناتوانێت حزبی دوو کۆمەڵگە بێت و بۆ دوو کۆمەڵگە سیاسەت داڕێژێت!" پیویستی بە راوەستان نیە، ئیوە پرسیتان " ئێستا ئەم حزبە پێک هاتووە ئایا ئەمە بەمانای ئەوەیە کە ئیتر ئەم حزبە هیچ سیاسەت و کارێکی نابێت سەبارەت بە کوردستان" **من دەلیم دەبی جیاوازی بکریت لە نیوان ئەوەی کارو سیاسەت و دەخالەتت هەبیت بەرامبەر کۆمەلگایەك، لەگەل ئەوەی بەدیلی رزگاریبەخشی ئەو کۆمەلگایە بیت. ئیمە دەبینین ئەحزابی سیاسی جدی لەم سەری دنیاوە بۆ ئەو سەری دنیا، دەخالەت لە مەسائیلی گرنگی دنیاو رووداوەکانی وولاتانی جیاجیادا دەکەن، سیاسەت دیاری دەکەن و کاریش بۆ خۆیان دادەنین. تصور کردنی ئەمە بۆچی دەبی سەخت بیت لە پەیوەند بە دەخالەتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق لە کوردستاندا؟!**

- لە یەکێک لە بڕیارەکاندا شتێکی تازە دەبینرێت، کە پێشتر لە حزبدا ووجودی نەبووە، ئەویش پێکهێنانی شورای باڵای ئەمینداریە (مجلس الاعلی لامناء). وادیارە ئەم ئۆرگانە ئۆرگانێکی باڵایە لە حزبدا لە هەندێک شوێندا سەڵاحیەتی دەچێتە سەروو کۆمیتەی ناوەندیش، سەرەتا دەمەوێت بپرسم زەرورەتی پێکهێنانی ئەم شورایە چی بوو؟ هۆی چییە کە دانانی ئەم ئۆرگانە کە بەشێکی گرنگ لە سەرکردایەتی ئەم حزبە پێک دەهێنێت بە هەڵبژاردن نەبوو لە کۆنگرەدا و خراوەتە دەستی کۆمیتەی ناوەندی؟ بۆچی ئەو دەسەڵاتانەی پێ دراوە؟ بۆ نموونە بڕیارەکە دەڵێت لە حاڵەتێکدا ئەگەر بڕیارێکی کۆمیتە ناوەندی لە لایەن شورای ناوبراوەوە قبوڵ نەکرا جارێکی تر موناقەشە بکرێتەوە لەلایەن سەرکردایەتی حزبەوە و ئەگەر جارێکی تر بڕیاریان لەسەر دایەوە ئەوکاتە دەست بە جێبەجێ کردنی دەکرێت!

**ریبوار ئەحمەد: بە بروای من ئەو تیگەیشتنە بۆ شورای ئومەنا زۆر نادروستە. ئەم شورایە نەك هەر سەلاحیەتی زۆری نیە، نەك هەر بە هیچ شیوەیەك لە سەروی کۆمیتەی ناوەندی و لە ئاستی کۆمیتەی ناوەندیشدا نیە، بەلکو هیچ سەلاحیەتیکی بریاردانی نیە. تەنها دەوری راوژکاری هەیە. ئەویش بۆ ئەوەیە کە حیزب بتوانی لە خیبرەو کەسایەتی و توانایی ئەو کەسایەتی و رابەرانەی خۆی کەلك وەربگریت کە بە هەر هۆیەکەوە بیت، نایانەوی یان ناتوانن لە رابەری حیزب یان لە ئۆرگانە سیاسی و تەنفیزیەکانی حیزبدا کاری خۆیان دریژە بدەن.**

من نازانم لەسەر چ بناغەیەك دەوتریت لە کۆمیتەی ناوەندی بالاترە یان دەوتریت سەلاحیەتی بێسنوری هەیە. لە کاتیکدا دەورەکەی ئەوەیە کە سیاسەت و پەسەندکراوەکانی کۆمیتەی ناوەندی، پیش جێبەجێ کردن، دەخریتە بەردەم ئەم شورایە، ئەگەر سەرنجیکی لەسەریان هەبوو، وەکو رای مشورەتی، جاریکی تر پیش جێبەجێ کردن لەگەل سەرنجەکانی شورادا دەگەریتەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی، کۆمیتەی ناوەندی پاش بیستنی سەرنجەکانی شورا، صلاحیەتی تەواوی ئەوەی هەیە کە دووبارە پیداگری لەسەر قسەی خۆی بکاتەوەو یەکسەریش تەنفیزی بکات. کەوایە دەورەکە راویژکاریە، بۆ ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی راو سەرنجی ئەو کەسایەتیە خاوەن خبرەو تەجروبەو توانیایانە ببیستیت.

لە کۆنگرەکانیشدا دەتوانن وەکو هەر نوینەریکی ریکخستنەکانی حیزب بەشداربن. کەوایە مەسەلەکە کەلك وەرگرتنە لە توانای کەسانی خاوەن توانا و خیبرەی حیزب و بزووتنەوەکەمان. لە نیو پلنیۆمدا وەکو نمونە باسی ئەوەمان کرد، کە من لەکاتیکدا 11 سالە سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی ئەم حیزبەم. ئەگەر نەمەوی لەوە زیاتر لەم پوستەدا بمینم، ئەگەر بمەوێ دەستپیشخەری بکەمو ریگابکەمەوە بۆ ئەوەی هاوریانیکی تر بینە پیشەوەو لەم پۆستەدا دەربکەون، ئەوکات دوای ئەمە من و زۆر کەسی تری وەکو من کە سالەها لە ئۆرگانە رابەریەکاندا کارمان کردوە، هەریەك بە رادەیەك تەجروبەو خیبرەمان کۆکردوەتەوە، دەورو جیگامان لە حیزبدا چی بیت؟ ئایا برۆین لە کۆمیتەی محەلیەکاندا کاربکەین؟ ئەمە ریگایەکی گونجاو نیە. شورای ئومەنا بۆ ئەم جۆرە کەسانەیە، بەو دەورە راویژکاریەوە کە باسکرا.

هەلبژاردنەکەی سپیردراوە بە کۆمیتەی ناوەندی، لەبەر ئەوەی مەسەلەیەکی ئەوەندە حەساس نیە کە حەتمەن کاتی کۆنگرەی پیوە بگیریت. پاشان لە رووی عەمەلیەوە وا گونجاوترە، رەنگە بە هۆی هەلومەرجەوە کۆنگرە 3 سال یان زیاتریش جاریك نەگیریت، راگرتنی ئەندامەتی کەسانیك کە بەپێی ئەوبەلگەنامە زۆر رۆشنە، مستەحەقی شورای ئومەنان، بۆ ئەو ماوە دریژە نە پیویستەو نە گونجاوە، تەنانەت رەنگە تا کاتی کۆنگرە ئەندامەتی کەسانیك هەر مەوزوعیەتی نەمابێ. ئەم شورایە بە کردەوە بە رادەی یەکەم دەوری راویژکاری بۆ کۆمیتەی ناوەندی دەگیریت. ئەندامەتیش تیایدا هەر سپیردراوە بە کۆمیتەی ناوەندی.

- چۆن هیچ سەڵاحەتێکیان نییە؟! ئەوە نییە لە هەموو کۆنگرەیەکدا هەقی دەنگدانیان هەیە؟ ئەوە نییە لانی کەم کۆمیتە ناوەندی دەبێت چاوەڕێی مولاحەزاتی ئەوان بکات ئینجا بۆی هەیە سیاسەتەکانی جێبەجێ بکات؟ پاشان ئەگەر مەسەلە سوود وەرگرتن بێت لە مولاحەزەو تەجروبەی ئەوان بۆ ناکرێت وەک هەرکەسێک نامە بنێرێن بۆ سکرتاریەتی مەکتەب سیاسی؟

ریبوار ئەحمەد: شورای ئومەنا صلاحیەتی بریاردان لەسەر هیچ کارو هیچ سیاسەتیکی نیە. دەسەلاتی بریاردانی نیە، ئەمە مانای صلاحیەتە. ئەوەی کە ئەندامەکانی یەکیك دەبن لە دەیان یان سەدان نوینەری کۆنگرەیەکی حیزبی، مانای هیچ صلاحیەتیك بۆ خودی شورای ئومەنا نیە. هەروەها ئەوەی کە کۆمیتەی ناوەندی لە بریارەکانیدا راویژ لەگەل ئەو شورایە بکات و سەنجی ببیستیت، دیسان ناکاتە صلاحیەت.

مەسەلەکە لیرە ئەوە نیە کە میکانیزمیك دیاری بکریت بۆ ئەوەی، ئەم تیپە لە رابەران و کەسایەتیە خاوەن خبرەکانی حیزب، چۆن کاتیك مولاحەزەیەکیان هەبوو، یان تەجروبەی خۆیان بگەیەنن بە حیزب. تا باسی ئەوە بیتە پیشەوە کە بۆ ناکریت وەکو هەرکەسیك نامە بنیرن بۆ سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی. بەلکو مەسەلەکە ئەوەیە کە حیزب چ قەوارەیەك بۆ سازدانی ئەوان دەخاتەروو لە پەیوەند بە خۆیەوە و چ ریگایەك دەدۆزیتەوە بۆ ئەوەی حیزب ئەوان دەخالەت بدات و پرس و را بەوان بکاتو لە خبرەو تواناییان کەلك وەرگریت. بیگومان هەر فەردیك ئەگەر مولاحەزەیەکی هەبیت، کەنالی پەیوەندی گرتن و گەیاندنی بە حیزب زۆرە، لەوانە ناردنی نامە بۆ سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی. بەلام باسەکەی ئەو بریارە ئەمە نیە. بەلکو باسی ئەوەیە کە حیزب هەم ئەرك و هەم جیگاوریگایەك بۆ ئەو هاوریانە دیاری بکات، ئەرکی ئەوەیان پیبسپیریت کە بە جەمعی سەرنجی بریارو سیاسەتەکانی رابەری حیزب بدەن و سەرنجی خۆیان بە رابەری بلین.

- ئەندامانی شورای ناوبراو ئەندامن هەتا لە ژیاندا بن! ڕایەکی وا هەیە کە دەڵێن ئەمە شتێکی سەیرە و نایەتەوە لەگەڵ سونەتی کۆمۆنیستیدا، کێ دەتوانێت زەمانەتی ئەوە بکات کە هەتا مردن لەسەر یەک بیرو بۆچون بێت. خۆت دەزانی لە مارکسیزمدا شتێک نییە موتڵەق بێت. ئەم شورایە وەک ئەنجومەنی پیران دێتە بەرچاو تۆ ڕات لەسەر ئەم تێڕوانینانە چییە؟ تۆ هەست ناکەیت مەرجەکان بۆ بە ئەندام بوون تەعجیزی بن و دەسەڵاتەکانیان بێ سنور بن؟

**ریبوار ئەحمەد: کیشەکە لەوەدایە کە پرسیارو سەیرهاتنەکان لەم مەسەلەیە، لە بنەرەتەوە لەسەر بناغەیەکی ناواقعی و لیکدانەوەیەکی هەلە بنیاتنراوە. هەروەکو لە پرسیارەکەتاندا دەلین : "تۆ هەست ناکەیت مەرجەکان بۆ بە ئەندام بوون تەعجیزی بن و دەسەڵاتەکانیان بێ سنور بن؟" لە کاتیکدا من رونم کردەوە کە نەك دەسەلاتی بیسنور بەلکو هیچ دەسەلاتیکی سنورداریشی نیە. ئەوە نەبوو بە دەسەلاتی بیسنور کە بە کۆمیتەی ناوەندی بلیت ئەم بریارەتان ئەم ئەشکالانەی هەیە، بۆیە جاریکی تر چاوی لیبکەنەوەو سەرنجی ئەم ئەشکالانە بدەن ئینجا بریاری کۆتایی لیبدەن. بریاریش هەر لە دەستی خودی کۆمیتەی ناوەندیدایە.**
**لە بارەی ئەوەی کە کێ زەمانەتی ئەوە دەکات کەسیك هەتا سەر لەسەر هەمان بیروباوەری کۆمۆنیستی دەمینیت؟ کەس ناتوانی زەمانەتی ئەمە بکات. بەلام ئەمە چ کیشەو مەترسیەك دەخولقینێ؟ بە بروای من هیچ. چونکە یەکەم کەسیك کە ئالوگۆریکی وا بەسەر بیروباوەریدا هات، ئەوکات خۆی ئامادە نابیت وەکو ئەندامی شورای ئومەنای حیزبیکی مارکسیست بمینێ و حیزبیش ناتوانی بە زۆر کەس لەومەوقعیەتە راگریت وکاری وا ناکات. دووەهەم هەتا بە فەرز ئەگەر وا وەریگرین کە کەسیك ئەو ئالوگۆرە بەسەر بیروباوەریدا بیت و دیسانیش بە فەرز هەر سور بیت لەسەر ئەندامەتی لە شورای ئومەنادا، بەو دوو فەرزە دورەوە، ئینجاش چ مەترسیەك لەوەدا هەیە، لە کاتیکدا کە دەسەلاتیکی نەبیت و دەورەکەی ئەوە بیت کە وەکو راویژ سەرنجی خۆی بدات بە کۆمیتەی ناوەندی و یەکیك بیت لە دەیان نوینەری کۆنگرەیەکی حیزبی؟**
**نا بەبروای من ئەمە نەك هیچ ناکۆکیەکی لەگەل سوننەتی مارکسیستی نیە، نەك بە هیچ جۆریك ناشوبهیت بە ئەنجومەنی پیران و هیچ پەیوەندیەکی بە بون ونەبونی موتلەقەوە نیە لە مارکسیزمدا، بەلکو بریاریکی زۆر سیاسی و حەکیمانەو مارکسیستانەیە، بۆ کەلك وەرگرتن لە توانایی مارکسیستی و خیبرەو ئۆتۆریتەی کەسایەتی و رابەرانو سەرمایە مارکسیستیەکانی حیزب، لەو کاتەدا کە بە هەر هۆیەکەوە بیت ناتوانن لە ئۆرگانە سیاسیو تەنفیزیەکانی رابەری حیزبدا دریژە بەکاری خۆیان بدەن. من بە پیچەوانە بروام وایە ئەمە هۆکاریك دەبیت بۆ بەهیزکردنی بونیەی مارکسیستی حیزب. حیزب لە هاوکاری کەسانیکی مارکسیستی بەرجەستە بەهرەمەند دەکات کە سالانیکی دریژ لە ئۆرگانە بالاکانی ئەم حیزبەدا کاریان کردوە، حیزبیان رابەری کردوە، تواناو خیبرەی مارکسستیان کۆکردوەتەوە.**
**هەر حیزبیك بیرك بۆ چۆنیەتی کەلك وەرگرتن لەم جۆرە کەسانەی خۆی نەکاتەوە، حیزبیکی خام و ناکارامەو بێلیاقەتە. بیگۆمان ئەمەش لە کاتی خۆیدا پیویستی پەیداکردوە. مەبەستم ئەوەیە ئەم بریارە مەسەلەن بۆ سەردەمی رۆژی دامەزراندنی حیزب یان هەتا 5 سال دوای ئەوەش مەوزوعیەتی نەبوو. ئیستا کە دوای نزیکەی 15 سال لەکارو هەلسوران و بەرەبەرە پەیدا بونی تیپیك لەم کەسایەتیە واقعیانە، ئەم مەسەلەیە مەوزوعیەتی پەیداکردوە.**

- پێم خۆشە بە فزولەوە ئەو پرسیارە بکەم کە ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە واز لە پۆستی سکرتێری کۆمیتە مەرکەزی یان پۆستە سەرکردایەتیەکان بهێنیت، هەروەک خۆت باست کرد یان ئەوە گریمانێک بوو؟

**ریبوار ئەحمەد:** ***بەلێ تا ئیستا چەند جاریك لە 3 سال پیش ئیستاوە ویستومە دەست لە پۆستی سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی بکیشمەوە، بەلام تا ئیستا هەر سەری نەگرتووە. من پیم وایە ئەمە سونەتیکی پیشرەوانەیەو بە قازانجی حیزب دەبیت، کە ئەم پۆستانە لەسەر کەسیك تاپۆ نەکریت، خۆمان بوار بکەینەوە بۆ ئەوەی هاوریانیکی تر***

*بینەپێشەوەو لەم مەوقعیەتەدا دەربکەون و دەور بگێڕن. بزووتنەوەی ئێمە زەرەر دەکات لەوەی کە بۆ پۆستی سکرتێری یان هەر پۆستێکی تر تەنها بچەسپێ بە یەک کەسەوە.*

بەهەرحال بە زۆر بەلگە. من رۆژێك دوای کۆنگرەی سێیەم، لە ناوەراستی نیسانی 2005دا لە پلنیۆمی 16 ئەوکات ئارایشی لیدەر شیپ بوو، ویستم بە پلنیۆمی راگەیەنم، کە نامەوێ خۆم بۆ لیدەری حیزب کاندید بکەمو پێم باشە ئالوگۆڕیك بکەین‌و ئەو پۆستە بسپێردریت بە هاوریەکی تر. پیش پلنیۆم ئەمەم لەگەل هاوریانیك باس کرد، لەگەل مخالەفەتی توندیان بەرەوبوو بووم. ووتیان ئەمە لە ناکاوەو کۆمیتەی ناوەندی بیری بۆ نەکردوەتەوەو لانی کەم دوای بخە بۆ پلنیۆمی ئاینده. سەرئەنجام منیش ئەوەم قبول کردو باسەکەم وازلیهینا بۆ پلنیۆمی 17.

لە کۆتایی حوزەیرانی 2005 پلنیۆمی 17 بەسترا، لەوی باسەکەم تەرح کردو مشتومریکی زۆری لەسەر دروست بوو. سەرئەنجام لەگەل مخالەفەت و بێمەیلی توندی پلنیۆم لەگەل ئەم تەرحە بەرەوروبومەوە. داوام لیکرا کە هەر لەو پۆستەدا بمینمەوە. منیش هەرچەندە باوەری تەواوم بە بۆچونەکەی خۆم هەبوو، بەلام نەکرا داواکەی پلنیۆمم رەتبکەمەوە. سەرئەنجام لە پلنیۆمی 18 دا کە لە سەرەتای نیسانی 2006 بەسترا، تەرحیکم هینا بۆ گۆرینی ئارایشی رابەری حیزب. لەو تەرحەدا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی دەوری چاودیری دەگیرا نەك سەرپەرشتی و تەنفیزی. بۆ ئەوەی بەم جۆرە ئالوگۆڕیك لە رابەری‌و جیگاو ریگای شەخصیەتەکانی حیزبدا پیکبیت. بە مانایەکی تر مەبەستم ئەوە بوو بەم جۆرە هەمان تصوری پیشوی خۆم بەرمەپیشەوە سەبارەت بەوەی کە ریگا بکەینەوە بۆ هاتنە پیشەوەی کەسانیکی تر. ئەوەبوو تەرحەکەم پەسەندکراو ئارایشی رابەری گۆرا لە لیدەر شیپەوە بۆ رابەری جەماعی.

لە دوای کۆنگرەی چوارەمیش دیسان بە پێی هەلسەنگاندنی وەزعی رابەری و هەلسورانی یەك دوو سالی رابردوو، لەلایەن ژمارەیەك لە هاوریانەوە داوام لیکرا کە پۆستی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی‌و مەسئولیەتی سەرپەرشتی رابەری سیاسی‌و تەنفیزی حیزب، بگرمە ئەستۆ. کاتیکش لەگەل واقعیەتی پلنیۆمی 20 بەرەورووبووم و کاندیدی تر نەبوو بۆ ئەم پۆستە، ئەمجارەش بەپێی زەرورەت ئەو مسئولیەتەم قبول کرد. بەلام یەکەم بە پلنیۆمم راگەیاند کە من 11 سالە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیم، ئیتر دەمەوی ئالوگۆڕیك لەم پۆستەدا بکریت. من ئامادەم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەم مسئولیەتە بگرمەوە ئەستۆ. کۆمیتەی ناوەندی دەبی لە ئیستاوە بیری خۆی بۆ ئەم مەسەلەیە بکاتەوەو ئامادەیی خۆی وەرگریت. دووەم تەرحیکم پیشنیار کرد بۆ ئارایشی رابەری کە پەسەندکرا، بەپێی ئەو تەرحە مەکتەب سیاسیەکی جەمعی پیکەوە رابەری سیاسی‌و تەنفیزی حیزب دەگرنە ئەستۆو سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و جیگری سکرتێریش ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەبن‌و هەمان ماف‌و دەسەلاتی هەر ئەندامیکی تری مەکتەبی سیاسیان دەبیت. ئەم تەرحە بە نوسراو ئامادەکراوە.

- سونەتێک کە لەناو حزبدا جێکەوتە بوو، بەستنی کۆنگرەکانی بوو بە شێوەی عەلەنی، ئەم کۆنگرەیە بە عەلەنی نەبەسترا و هۆکانیش رۆشنە کە مەسەلەی ئەمنین. بەڵام ئایا حزب ئامادەیە دوای بەستنی کۆنگرەکە فیلمی کۆنگرەکە بڵاو بکاتەوە؟

ریبوار ئەحمەد: ئەگەر مەبەست ئەوەبیت کە کۆنگرەی چوارەم بە نهینی بەسترا، ئەوە بە رای من دەقیق نیە بلین ئەم کۆنگرەیە بە نهینی بەسترا. چونکە لە بنەرەتەوە عەلەنی بوونی کۆنگرەکانی پیشوی ئیمە لەوەدا نەبوو کە ناونیشانی هۆلی کۆبونەوەکانمان راگەیاندبیت. عەلەنی بوونی کۆنگرەکان چەند لایەنیکی هەبوو، لە پیش هەموو شتیکدا، ئەوەبوو کە کۆمەلگا لە بەستنی کۆنگرە ئاگاداربوو. باس و بەلگەنامەو جیدالەکانی ئامادەکاری بۆ کۆنگرە لە ئاستی کۆمەلگادا عەلەنی بوون. ئەمە گرنگترین لایەنی عەلەنی کردنی کۆنگرەکان بوو. زۆرترین کەس و لایەنیش هەر لیرەوە لە باس و جیدالاتی کۆنگرەکانی پیشومان ئاگاداربوون. لەم بارەیەوە کۆنگرەی چوارەمیش هیچ مەسەلەیەکی نەبوو کە تا دورۆژ پیش کۆنگرە ئامادەبوبیت و بۆ کۆمەلگا رانەگەیەنرابیت. ئەو باسانەش کە لە ناوکۆنگرەدا کراوە شتیکی زیاتر لەوە نەبوو کە لە 5 ژمارەی "بەرەوکۆنگرە"دا بە عەلەنی بلاوکراوەتەوە.

بەشیکی تری عەلەنی بوونی کۆنگرەکانی پیشوو، لەوەدا بوو کە بوار کراوە بوو بو نوینەری ئەحزاب و میدیاکان و کەسانی تر بتوانن خۆیان ناونوس بکەن بۆ ئەوەی ئامادەبونیان لە کۆنگرە وەکو میوان دابین بکریت. ئیمە ئەم بەشەی

دووەمان بۆ نەکرا. واتە دەکریت بلێین لە دوو بەشی سەرەکی عەلەنی بوونی کۆنگرە، نیوەی دابینکرابوو. هۆی ئەمەی دووەمیان لە راستیدا ئەوەبوو کە ئیمە پیویستمان بەوە هەبوو کۆنگرەیەکی تیروتەسەل بگرین و کاتی تەواومان هەبیت بۆ ئەوەی لەسەر ئەو مەسەلانەی لەسەر میزمانە بە تیروتەسەلی قسە بکەین. لەم حالەشدا سازدانی کۆنگرەیەکی فراوان کە ماوەی 3 رۆژ بەردەوام بیت لەو وەزعیەتەی عیراقدا، لە هەموو روویەکی ئەمنی و عەمەلی و مالی و فەنیەوە، سەخت بوو. بۆیە هەتا بەدەر لە دەرگا ئاوەلاکردن بۆ میوان، تەنانەت ناچاربوین ژمارەی نوینەرانیش بەرتەسك بکەینەوە، بۆ ئەوەی حەتمەن کۆنگرەکە بە زووی بگیریت و کیشەی ئەمنی و عەمەلی و فەنی و مالی بۆ نەیەتە پیش و فرسەتی کافی هەبیت بە پێی زەرورەتی باس و کارەکان، ماوەی کۆنگرە دریژ بکەینەوە.

لە بارەی ئەوەی ئایا حیزب ئامادەیە فیلمی کۆنگرە بلاوبکاتەوە، بەرای خۆم هیچ گرفت وکیشەیەکی سیاسی لەمەدا نابینم، لە هەمانکاتدا زەرورەتیکیشی بۆ نابینم چونکە زۆرتر لەوەی لە کۆنگرە قسەی لیکرابیت، لە بلاوکراوەی بەرەو کۆنگرەدا باسەکان چاپکراوە شتیك نهینی نەماوەتەوە. ئەمینیتەوە ئەوەی کە ئەگەر کیشەیەکی فەنی لەبەردەم ئەوەدا هەبیت کە ئەگەر دەزگایەکی راگەیاندن داوای فلیمەکان بکات. چونکە حەتمە وەکو باری فەنیش ئامادەکردنی ئەو فیلمانە بۆ بلاوکردنەوە بە کەیفیەتیکی باش کاری دەوێ. بریاری کۆتایش بە دەستی مەکتەبی سیاسی و پلنیۆمە.

- هەندێک ئەندامی حزب دەڵێن هەندێک کە شایستەی ئەوە بوون دەربچن بۆ کۆمیتەی ناوەندی دەرنەچوون لە هەڵبژاردنەکاندا و ئەمە بە خەلەلێک لەقەڵەم ئەدەن، ئەم مەسەلەیە چۆن بوو، تۆ ڕات چییە؟

ریبوار ئەحمەد: هەلبژاردن لە رووی سیاسی و قانونیەوە هیچ خەلەلیکی تیا نەبوو. کۆنگرە بە پێی ئوصول ومەوازینی حیزبی ریکخرابوو. راپۆرتی هەلبژاردنی نوینەران لەسەرتاوە دراوە بە کۆنگرەو قسەوباسی مفەصەلی لیکراوەو پەسەند کراوە. ئەم نوینەرانەش لە فەزایەکی بە تەواوی ئازادو ئوصولی و سیاسیدا، دەنگدانی خۆیان کردوە بۆ هەلبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی.

من دوای قالبون لە ناو هەلبژاردن بۆ کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی، لە ماوەی تەمەنی حیزب و تەنانەت پیش حیزبیشدا، ئیتر ئەوە بەلامەوە ئاساییە، کە تەقریبەن هەموو هەلبژاردنیك، لە روانگەی هەر هاوریەکەوە، کەم و کوریەکی هەیەو هەرکەس بەشی خۆی نارازای بونی لە ئەنجامی هەلبژاردن هەیە. هەر بەم هۆیەشەوە دەبینین هەندیك جار کەسانیك خودی هەلبژاردنەکە بەرنە ژێر پرسیارو نارەزایەتیەوە. ئەنجامی هەلبژاردن هیچ کات بە تەواوی بە پێی دلی کەس نیە. لەبەر ئەوەی خۆی یان فلانە کەس کە بەرای ئەو زۆر شایستەیە دەنگی نەهیناوە. من بە تەواوی حەق دەدەم بە هەرکەسیك کە لەسەر بنەمایەکی بەم جۆرە، لای خۆیەوە نارەحەتیەکی هەبیت لەوەی کە ئارەزوەکەی جێبەجێ نەبووە. بەلام بە هیچ جۆریك حەق نادەم بە هیچ کەسیك، کە بەبی بەلگەی قانونی، لەسەر بنەمای بۆچونی خۆی و لەسەر بناغەی ئەوەی کە تەرکیبەی جیگا مەبەستی ئەو دەنگی نەهیناوە، گەرد بخاتە سەر هەلبژاردن و بە قەولی تۆ بەخەلەلی لەقەلەم بدات. ئەمەش بەناکۆك دەزانم لەگەل ئوصولی حیزبی و سونەتی ئیمە لە هەلبژاردندا.

کۆنگرەیەك گیراوە، نوینەرانی ریکخستنەکانی حیزب بە هەلبژاردن تیایدا ئامادەبوون، گوییان بۆ قسەوباسی یەکتر گرتووە، راوبۆچونی یەکتریان بیستووە، هەرکەس لە نوینەران مافی خۆیەتی چ تصوریکی هەبیت بۆ رابەرو رابەری و بەپێی تصوری خۆی دەنگبدات. لەم کۆنگرەیەشدا هەرکەس بە بۆچونی خۆی لیستی خۆی پرکردوەتەوە. هەلبژاردن یانی ئەمە، یانی ئەوەی کەس لەپیشەوە بۆی نەبراوەتەوە کە حەتمەن دەنگ بهینیت. بۆ هیچ کەس نەبراوەتەوە کە بەفلان بەلگە حەتمەن دەبی دەنگ بهینیت. هەرکەس ئامادەیی قبولکردنی ئەنجامی هەلبژاردنی نەبیت، باشترە بەشداری تیادا نەکات. هەلبژاردنی ئازاد یانی ئەوەی هەرکەس ئازادە کێ بە شایستە دەزانی و دەنگی خۆی بدات بە کاندیدی خۆی.

لە کۆتایدا پیویستە ئەوە بلیم، کە مەرج نیە هەموو ئەو رابەرە کریکاری و جەماوەری و سیاسیانەی کادری حیزبن، حەتمەن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بن. رەنگە لە کاتیکدا حیزب دەیان وبگرە زیاتریش لەم کادرو کەسایەتیانەی هەبیت، بەلام ژمارەیەك کە کۆنگرە بریاری لیدەدات بۆ کۆمیتەی ناوەندی، رەنگە زۆر کەمتر بیت لە ژمارەی ئەو رابەرو

**کەسایەتیانەی کە حیزب هەیەتی. لەم حالەتەدا لە هەر دەورەیەکدا کەسانیک کە شایستەی کۆمیتەی ناوەندین لە دەرەوەی ئەم کۆمیتەیە دەمیننەوە. من ئەمە بە کیشەو خەلەل نازانم. رابەرانی کریکاری و جەماوەری و کەسایەتیەکانی حیزب لە هەر ئاستیکدا بن دەتوانن دەورو نەخشی خۆیان بگیرن.**

- من زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەو بوارەی ڕەخسانت بۆمان بۆ ئەم گفتۆگۆیە، ئەگەر قسەیەکی ترت مابێت فەرموو

**ریبوار ئەحمەد: سوپاس بۆ ئیوەش، منیش قسەیەکی ترم نیە.**